

# شێوەی ستایلی تازەی بۆیەکردنی نینۆک

جوانکاری بۆ نینـــۆك، گرنگییەکی ئەوتۆی هەیـــە لە بـــواری داهێنان لە بوارەکانی جوانکاریدا، بە مەرجێك ئەو کارە بە مۆدەیەکی تازە و نوێکاری تێبپەڕێت و جێگە و شـــوێنی خۆی بگرێت، بەڵام مۆدەی نینۆك هەردەم لە پێشەوە دەبێت و جێگەی جوانی و بایەخی خۆی لە دەست نادات و مۆدەیەکی شایســـتە و کارامە دروســـت دەکات، بـــەڵام گرنگە چۆن و چ جۆرە ڕەنگێك لـــە نینۆکەکان بدرێت، چونکە شـــێوازی هەر یەکەیان جیاوازیی هەیە لەگەڵ شێوازەکانی دیکەدا، یەکێك لەو مۆدە تازانەی کە خواستێکی زۆری لەســـەرە لەلایەن کچان و خانمان، ئەویش بۆیە کردنـــی نینـــۆك و هەروەها بۆیە کردنی تەنیـــا نینۆکـــی پەنجەیەك کە جیاوازیی هەبێت لەگەڵ ڕەنگی بۆیەی نینۆکەکانـــی دیکـــەدا، واتـــە، لە پێنج پەنجەی دەستدا، تەنیا پەنجەیەك هاوشێوە نەبێت و جیاوازیـــی هەبێت، ئەمەش لە دوو ڕێگەکـــەدا دەکرێت، یەکەمیان بە دانانـــی بۆیەیەکی جیاواز لە ڕەنگی بۆیەی پەنجەکانی دیکەدا، شێوەی دووەمیش بریتییە لە دانانی نەخشی دەســـتکرد بۆ ســـەر پەنجەیەك لە پەنجـــەکان و بەمـــەش جیاوازییەکە دروست دەکات.



## ئێکسسواری ناسک بۆ دەست

زۆر جار خانمان بە لە دەســـت کردنـــی بازنگ بێزار دەبن، بەهۆی شـــێوەی گەورەی بازنگەکان یان کە قورســـە لەسەر دەســـت، هەروەها بازنگ پێویســـتی بە بەشی دیکەیە تاوەکو تـــەواوکاری لەگەڵدا بکات، بە جێگرەوە بە ئێکســـوارێکی ناســـك و لە ڕادەبەدەر باریك، ڕێگەیەکی شایســـتەیە تاوەکو بازنگەکان خاوەنەکەی بێزار نەکەن، بە ئێکســـواری لەم جۆرە کە لە زنجیرێکی بچووك هەروەها بوونی شـــێوەیەکی بچووك لە ناوەڕاســـتی ئەو زنجیرەوە، کە ئەویش دەکەوێتە ســـەرەوەی دەست یان دەخرێتە لایەکی دەست و شۆڕ دەبێتەوە، لە کاتێکدا خانمان جوانییەکی بەرچاو لەو ئێکســـوارە ناسکانە بەدەست دەهێنن و لە شێوەی بازنگی گەورە ڕزگاریان دەبێت، ئەم جۆرە ئێکســـوارە، لە چەندین ڕەنگ پێکدێـــت، دەکرێ لە ڕەنگی زێڕین بێت، یان بە ڕەنگە جوانەکەی وەك ڕەنگی زیو، ڕازاوە و ناسك دەبێ لەســـەر دەست و بەمەش دەکرێ بە تەنیا لەدەست بکرێت، واتە ئەگەر جلەکە نیو قۆڵیش بێت، جوانی خۆی هەر دەردەخات.

## شێوازی تەسریحەی لوولە و کەزی بۆ قژ

بوونی چەندەها شێواز و تەســـریحەی جیا جیا، وادەکات کـــە خانمان بە جۆرێك لەو شـــێوازانە بڕوانن و جوانییەکیان دەســـت بکەوێ لەو شـــێوازانە، هەر شـــێوەیەك لەو جۆرە تەســـریحانە، جێگەی بایەخی خانمێکە یان کەســـێکە کە لەســـەر شـــێوازێکی تایبەت کاری خۆی جێبەجێ دەکات، بەمـــەش دەبێتە مۆدەیەکی جوانی تەســـریحە لە قژی هەر خانمێك، شـــێوازێکی جوان و ســـەرنجڕاکێش هەیە بۆ قژی خانمان، ئەویش شـــێوەی کەزی و لوولی قژە، سەبارەت بە کەزی کردن، شێوەیەکی کۆنە و لە پێشوودا لەلایەن خانمانی کوردیش ئەو کارە جێبەجێ دەکرا، بەڵام لە ئێستادا شێوازەکە پەرەی پێدراوە و مۆدەیەکی دیکەی لەسەر ئامادەکراوە، ئەو شێوازانەش مۆدەیەکی ئەوتۆ دابین دەکەن، کە هەر خانمێك دەتوانێ ســـوود لە ڕێگەی ئامادەکاری ئـــەو قژە لوولە و کەزییانە وەربگرێ، کە هەمان شێوە بۆ قژەکانیان دابین بکەن و دیکۆری لەو شێوەیەش بۆ خۆیان بکەنە مەبەست.







# جلی ئاهەنگ بۆ کچان و خانمان

لــەو کاتــەی خانمــان خۆیان ئامــادە دەکەن بــۆ بۆنە و ئاهەنگەکان، لە پێشــوودا تووشــی دوو دڵی دەبن لەوەی چ جلێــك لەبەر بکەن، کە ئەمەش کێشــەیەکی گەورەی کچانە لــەو کاتانەدا، بۆیە دەکرێ بــە بیرۆکەیەکی هێمنەوە جلێکی نایاب هەڵبژێرن و بتوانن بەســەر ئــەو دڵەڕاوکێیەدا زاڵ بین، لەسەرەتا دەبێ خانمان بیر لە (٣) جۆرە مۆدەی جلی ئاهەنگ بکەنەوە، کە ئەوانەن : پانتۆڵ – کراس – تەنوورە، لەم ســێ مۆدەیەدا یەکێکیان چارەســەری هەڵبژاردنەکەیە بۆ ئاهەنگی بچووك و تایبەت، لە پانتۆڵدا چەندین بەش هەیە، کە ئەویش پانتۆڵی قوماش یان جینز هەروەها شــێوەی پانتۆڵەکەش کە لە تەســکی و گەورەیی بێت، ســەبارەت بە کراسیش، ئەویش چەند بەشێکی هەیە، کراسی فراوان و کراوە هەیە، پێچەوانەش تەسك و بەدی، یان شێوەی کراسەکەیە کە کورت بێ یان درێژ، تەنانەت هەڵبژاردنی تەنوورە لە کورتی و درێژی و تەسکی و کراوەیی، گشت لەوانە مۆدیەکی کاریگەر و جوان دەبن بۆ بۆنە و ئاهەنگ.



## کراسی کوردی لە ڕەنگی ڕەش و سپی

**بە هاوکاری نیشا خان - سوید**

نیشــان خــان، وەك یەکێك لە دیزاینەرەکانی بواری جلوبەرگ، لە کارە جوانەکانــی بەردەوامە و کاری ناسکیشــی بەرهەم هێناوە، کە بەرهەمەکانی زیاتر لە بواری کراسی کوردیدایە و مۆدەی جیــاوازی لێدەکەوێتــەوە، یەکێــك لــە بەرهەمــە جوانەکانــی ئــەو خانمــە دیزاینەرە کوردە، دروست کردن و ســتایل دانانی کراســێکی کوردییە، کە دوو ڕەنگی سەرەکی بەکارهێناوە، ئەو دوو ڕەنگەش بە شای ڕەنگەکان دەناسرێن لە جوانی تێگەیشتن و گونجاندنی نێوانیان، ئەو ڕەنگانــەش بریتین لە ڕەنگی (ڕەش و سپی)، ئەو کراسە کوردییە، کە چەندین شــێوەی دیکەی لەسەر دروست دەکرێت، بەڵام زیاتر لەو دوو ڕەنگە دەگەشێتەوە و جوانییەکــەی خۆی لە گونجاندنی نێوان ئەو دوو ڕەنگەدا دەنوێنێت، بەمەش دەبێتە یەکێك لە کراســێکی شایستە کە جێگەی بایەخ و پۆشین بێت لەسەر جەستەی خانمان، ســتایلی کراسەکەش بەم شێوەیە ئامادە کراوە، کە کراســی ژێرەوە لە ڕەنگی ڕەشە و کەچی ئێلەگ یان بەشی دەرەوەی لە ڕەنگی سپی کراوە، ئەمەش وادەکات کە کراسێکی سەرنجڕاکێش بێت.



# سەیرترین ڕێگەی پاککردنەوەی چاو

وەکو دەزانین چاو، گرنگترین بەشەکانی ئەندامی جەستەیە، کە زۆر هەستیارە و بە شتی سادە دەبێتە هۆکاری ژان و نەخۆشی و یان ئازارێکی زۆر، هەروەها دەزانین پاککردنەوەی چاو بە ئاوە، یان لەلای دکتۆر بە ئامێری تایبەت و نەرم و یان شلەیەکی تایبەتەوە دەبێت، کەچی وادیارە لەلای چینییەکان لەو بڕوایە دوورن و حەز بە کاری سەیر دەکەن، لە ناوچەی سیشوانی چینی، ڕێگەی پاککردنەوەی چاو بە ئامێرێکی تیژە و ئەمەش وەك نەریتێکی کۆن بۆیان ماوەتەوە و کە ئەگەر چاو بەم جۆرە پاك بکرێتەوە، تووشی حاڵەتی ترسناك و نەخۆشی نابێت، ئەوەی سەیرە ئەو کەسانەی ئەو کارە دەکەن، بە متمانەوە کارەکە دەکەن و کە کار ناکاتە سەر ئەزیەتدانی چاوەکە لە کاتی پاککردنەوە یان بەکارهێنانی ئەو ئامێرە تیژە.

## ئوتۆمبێلێ



کاری جوانکردن و جوانکاری بۆ کەرەستە، شتێکی نامۆ دەبێ، تەنانەت لە هەندێك حاڵەتی دیکەشدا دەبێتە بەرهەمێکی سەیر و جوان، زۆربەی خەڵك کاری جوانکاری لەسەر ئوتۆمبێل ئەنجام دەدەن، بۆ زیاتر جوانکردن و ڕازاوەکردنی، ئەمەش لە شێوەی خۆی دەردەچێت و دەبێتە کەرەستەیەکی دیکە، وەك

## زەنبیل دروست ک

لە کوردەواریدا چەندین بەرهەمی خۆمانە و جوان دروست کراون و تاوەکو ئەمڕۆش کاریان لەسەر دەکرێت و دروست دەکرێن، یەکێك لەوانە بریتییە لە (زەنبیل یان سەبەتە) کە بۆ هەڵگرتنی شت و مەك و نان بەکاردەهێنرێن شێوەی زەنبیل و سەبەتە بچووکە و وەك شوێنێکە بۆ هەڵگرتنی شت و مەك، کاری دروست کردنی ئەو دوو کەرەستەیە زەحمەتە و وەستای تایبەتی خۆی دەوێت.

زەنبیل لە شووڕی دار بی دروست دەکرێت و زیاتریش لە زستانی هەموو ساڵێك ئەو دارە دەبڕێتەوە و پێش ئەوەی دارەکە شین بێتەوە و چونکە دارێکی نەرمە و چیڕ دەبێتەوە و لەو کاتەدا گەشەی وەستاوە و بەمەش چیڕ و توند دەبێ و دەچەمێتەوەوناشکێ، بۆیە پاش بڕینی بۆ ماوەی هەفتەیەك دارەکە یان شووڕەکە دەمێنێتەوەو لەوکاتەدا دەبێتە سیڕمە، کە ئەویش دارێکی چیڕە و دەچەمێتەوەو ناشکێ، پاشان ئەو دارە دەهێنن و لەلایەن پیاوان یان ئافرەتان بە کاری دەستی ئەو کارە دەکەن و زیاتریش پیاوە بە تەمەنەکان ئەو کارەیان کردووە و دروستی دەکەن، کاری دروست کردنەکە پێیدەڵێن (چنین) واتە شووڕەکان دەخرێنە ناو یەکتر بە ڕاست و چەپ، تاوەکو لەیەکتر گیرببن و توند بن، لە خوارەوە شێوەی بچووکە و لە سەرەوەش گەورە دەبێت، ئەمەش بەپێی درێژیی وکورتیی شووڕەکان دادەنرێن، هەروەها دەتوانن شووڕەکە ببڕن و یان کاری لەسەر بکەن، تا لە کۆتاییی و لەوێش

## گەنم بە پەڵپینە

**ڕەوەند بەختیار**

پێشتر باسی زۆر خواردنی کوردی و فۆلکلۆریمان کردووە کە چۆن بە سادەیی ئامادە دەکرێن بەڵام تام و چێژی تایبەتی خۆیان هەیە، یەکێکیتر لەو خواردنە کۆن و کوردەواریانەی کە پێشان زۆری ئامادە دەکرا، بریتییە لە گەنم بە پەڵپینە، کە بەشێوەیەکی زۆر ئاسان و سادە ئامادە دەکرێت و تام و خۆشی تایبەتی خۆی هەیە، پەڵپینە یان پەرپێنە گیایەکی سرووشتی زۆر بەسوودە بۆ لەش و تامێکی تارادەیەك شیرین و چەورە بە زۆرتر لە کەناری ڕووبارەکان و ناو شینایی و ڕەزی تەماتەو بیبەرو خەیار و شووتی دەڕوێت، لەگەڵ گەنمەکوتا کە لە گەنمی خۆمانە پاش ئەوەی دەبردێتە ئاش و لێدەکرێت، لەبری پڵاو و برنج، گەنمە کوتاو بە پەڵپێنە ئامادەدەکرێت وەك ئاسایی ئامادەکردنی گەنم بەڵام ئەمجارە ئەو گیاخۆڕسکەی بۆ زیاد دەکرێت.






## ـــــک لە شووشە

ئەو ئوتۆمبێلەی کە بە شووشە داپۆشراوە، مەبەست لەوەش تەنیا بۆ کاری جوانکارییە و چ مەبەستێکی دیکەی لە دواوە نییە، ئەوەی سەیرە ئوتۆمبێلەکە شێوەیەکی دیکەی وەرگرتووە و بۆتە یەکێك لە ئوتۆمبێلە سەیرەکان لە شووشە داپۆشرابێت.

## ـــــردن یان سەبەتە

کارەکە پێیدەگوترێ (هۆندنەوە) کە ئەویش شوورەکان لوول دەدرێن و دەخرێنە ناو یەکتر، ئەمەش تاوەکو سەرەوەی زەنبیلەکە یان سەبەتەکە توند و تۆڵ بێت و هەڵنەوەشێتەوە.





## مۆدەی لێو گەورە کردن

چەندین مۆدەی سەیر دەردەکەون لە بواری جوانکاریدا، تەنانەت دەبن بە حاڵەتێکی سەیر و بەمەش دیاردەیەك دەردەخات و دەبێتە بابەتێکی نامۆ لەبەر چاوی خەڵك، ماوەیەکە مۆدەی گەورەکردنی ئەندامانی جەستە دەرکەوتووە و بە تایبەتیش لێو، کە وەك هۆکارێکی جوانی بەکاردەهێنرێت و کار دەکەن لەسەر گەورەکردن و ئەستوورکردنی لێو کە بە جۆرێك ئەوەندە گەورە دەبێ، ترس لەلات دروست دەکات لەو کاتەی سەیری دەکەیت، بەڵام وادیارە (کریستینا رای) کچە رووسی ئەو کارەی بەلاوە ئاساییە و بەمەش دوای چەندین نەشتەگەری، کە نزیکەی (١٠٠) دەرزی سلیکۆنی بەکارهێناوە تاوەکو لێوی گەورە بێ، تەنانەت نزیکەی (٥) هەزار دۆلاریشی سەرف کردووە، ئەو کچە خەڵکی شاری سان بیترسبۆرگی رووسییە، کە خۆی دەڵێت: حەز دەکەم لاسایی خانمە ئەکتەری جیهانی ئەنجلینا جۆلی بکەمەوە بۆ گەورەکردنی لێوم.

# کورسییە سەمەرەکان



دروســت کردنی کەرەستەی ســەیر و ســەمەرە، بە چەندین ڕێگەی جوان ئامادە دەکرێن، تەنانەت هەر یەکە بۆ مەبەستێك کاری لەسەر دەکرێت، بەڵام هەندێك جار حاڵەتەکان ئەوەندە سەیر دەبن، کە مرۆڤ سەرسوڕمان دەکەن لەوەی ئەو کەرەستەیە بۆچی بەم شێوەیە دروست کراوە، وەك ئەو دوو کورســییەی کە یەکێکیان بۆ ئەوە وایە قاچ لەسەر قاچ دابنرێت و ئەوەی دیکەش لە سێ گیانداری مەڕ و بەرخ پێکهاتوون.



## ئاسۆی ژیان

- لەدایکێکیـــان پرســـی کام لەمنداڵەکانـــت زیاتـــر خۆشدەوێت؟
گوتی: ئەوەیان کە نەخۆشـــە تا چاك دەبێتـــەوە، ئەوەیان کە ڕۆیشـــتووە تـــا دەگەڕێتەوە، بچووکەکەیان تا گەورە دەبێت، هەمووشیان تا من دەمرم ببینم گەورە دەبن و دڵخۆشن!

## بۆ زاخـــاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (باران) بوو



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی  ئەم شیکارە بدۆزیتەوە..


| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بکەرەوە کە لەکۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢) کۆ بکەیتەوە بە مانای (خواردنەوەیەکی کوردەوارییە لەناو مەشکە ئامادە دەکرێت)
- پیتی خانەکانی (٣+٤+٥) کۆ بکەیتەوە بە مانای (خەڵاتێکی فیلمە لە وڵاتی فەڕەنسا دابەش دەکرێت)
- پیتی خانەکانی (٥+٢) کۆبکەیتەوە بە مانای (ژمارەیەك لە ژێر ژمارە ١٠ )
- پیتی خانەکانی (٣+٢)کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی کەم لەبیرکاری)

## پەندی ناوداران



**- ئەلبێـــرت ئەنیشـــتاین دەربارەی متمانە دەڵێت :**

متمانە هەر وەکو پـــەڕەی کاغەز وایە، کـــە جارێك لوولـــت دا وەك خۆی لێنایەتەوە...!



**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

هەوڵبدە لەسەرخۆبیت، لەگەڵ ئـــەوەی باری دەروونیـــت خراپـــە ئەمڕۆ چارەسەریی بۆ گرفتێکی خێزانی دەدۆزیتەوە بەڵام ســـەرناگرێت. گەشـــتێکت دێتە پێش کاریگەری لەسەر ئایندەی ژیانت دەبێت.



**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

دواکەوتنت لەئەنجامدانی کارەکانـــت تووشـــی خەمۆکیـــت دەکات، بۆیە هەوڵبدە کارەکانـــت بەڕێکوپێکی ئەنجامبدە. دەتوانیـــت ڕووبـــەڕووی کێشـــەکانت ببیتەوە بەمەرجێك هەڵنەچیت لەکاتی تووڕەبوون.




**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

ئەمڕۆش لەو پەڕی ڕۆمانســـییەتدایت. هەندێك هەڵسوکەوت دەکەیـــت دەبنە مایەی سەرســـامبوونی دەوروبەرەکـــەت و لەگەڵ کەســـایەتییە تەماویەکەتدا ناگونجێیت.




**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

لـــەکارە مەترســـیدارەکان دووربکـــەوە و خـــۆت مەخەرە ناو گیرو گرفتی پەیوەندیـــدار بەپارەو پـــوول، لە بڕیارداندا پشت بەخۆت ببەستیت باشترە لەو کەسانەی کە بەرژەوەندیی تۆیان ناوێ.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

لەبەرامبـــەر گرفتـــە پیشـــەییەکانت ئەژنۆت نەلەرزێـــت . گومانـــت لەدڵسۆزیی خۆشەویستەکەت نەبێت، ئەو جێگەی ئەوپەڕیی متمانەو ڕێزە، دەبێت قەدری بزانیت.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

لەرووی داراییەوە کێشەیەکت بۆ دروســـت دەبێت بەڵام بەیارمەتیی کەس و کارت کۆتاییـــان پـــێ دێت و کاریگەری لەســـەر بودجەی مانگانەی خێزانەکەت نابێت، ئەگەر بەهۆشیارییەوە مامەڵە بکەیت.

## بە مانگی لە دایک بوونت خۆت بناسە

### لە دایك بووی مانگی (٨)

متمانەی بە خۆی هەیە و سوورە لەسەر قسەی خۆی- بەئاسانی خۆی نادات بەدەستەوە و نکۆڵی لە ڕاستی دەکات-کەسێکی دڵ گەورەیە- هەستیارە - ڕقی لە درۆیە - تەمبەڵە - حەزی لەخەوە و زۆر خەریکی خۆی دەبێت- دڵپاك و هەست ناسکە.




■ جارێکیان یەکێك بۆ یەکەم جاری دەبێ دەچێتە سینەما، لە فیلمی سینەماکە (گا)یەکی سەر شێت بە نێو خەڵك دەکەوێت، ئەویش دەکاتە بەزمی خۆی و دەترسێت و دەڵێت من دەرۆمە دەرەوە، دەڵێن کاکە دانیشە ئەوە فیلمە و هیچ نییە، ئەویش دەڵێت: من دەزانم ئەوە فیلمە بەس ئەو (گا) سەر شێتە نازانێت فیلم چییە !

■ یەکێك یەکەم جاری دەبێ سەیری تەلەفزیۆن بکات و دەبینێ فیلمێکی شەڕ و ئەکشن هەیە، دەچێت تەلەفزیۆنەکە دەکوژێنێتەوە، پێیدەڵێن بۆ وات کرد؟ ئەویش دەڵێت: ئەگەر نەمکوژاندبایەوە یەکتریان دەکوشت.

## گوارە لە شێوەیەکی سەیردا

**کەرەستەی جوان، هەردەم چاوی لەسەر دەبێت و باوی دەبێت، تەنانەت ئەگەر کەرەستەکەش بە شێوەیەکی وا دروست کرابێت کە بەبێ بایەخی بێت، لێرەدا چەند ئێکسسوارێکی گوارەی کچانەیان دروست کردووە، کە ئەویش لە چەند شێوەیەکی سەیر دروست کراوە، ئەوەی سەیرە کە کچان لە وڵاتی دیکەدا گرنگی پێدەدەن و وەك لە وێنەکاندا دەبینن کە چۆن گوارەیان لە شتی دیکە دروست کردووە، تەنانەت کەسیش بیرۆکەی بۆ ئەو جۆرە کارە ناچێت.**



## یاری پیت ڕیزکردن

**هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی ناوی گوندێکی کوردستانت بۆ دەردەچێت :**

ە ژ ڵ ا

**وەڵامی ژمارەی پێشوو :زەکەریا**

**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

کەسانی دەوروبەرت ناتخوێننەوە بۆیە پێو یستە زیاتر لەرەفتارو قسەکردندا لە ئاڵۆزی دوورکەویتەوە. دیارییەك لە دۆستێکی دێرینت بەرێوەیە، بەڵام گرنگ ئەوەیە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو کەسەدا دەکەیت.

**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

باری سۆزدارییت لە لووتکەدایە. بەڵام لەرووی پیشەییەوە دواکەوتوویت . هاوسەنگی لەنێوان دڵ و عەقڵدا پێویستە . هەر هەنگاوێت نا بیر بکەوە.

**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

ئەگەر لە پیشەکەتدا سەرکەوتوو نیت و کێشەت بۆ دروست دەکات . باشتر وایە بوێرانە دەستبەرداری ببیت. ئەمڕۆ پارە بە قەرز مەدە.

**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

ئەمڕۆ ژیانت ئارامەو دیدارێکی ڕۆمانسی بەرێوەیە. کارەکانت بێ گرفت بەرێوەدەچن ..خەمە خێزانییەکانت کۆتاییان پێدێت.

**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

هەوڵ بدە گرفتەکانی رۆژانەت چارەسەر بکەیت تا بتوانیت لەبواری کۆمەڵایەتی و پیشەییدا هەنگاوی سەرکەوتوانە بهاوێیت.

**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

ئەمڕۆ رۆژێکی گونجاوە بۆ ئەوەی لەهەستی بەرامبەرەکەت بگەیت . هاورێیەکی دڵسۆزت پەیوەندیت پێوەدەکات و دەرفەتی قازانجێکی باشت بۆ دەرەخسێنێت.، دەرفەتی باش لەدەست خۆت مەدە.